حەمەسەعید حەسەن

# بۆ پیاوە پووتەکان

**بۆ پیاوە پووتەکان**

ساتیر

حەمەسەعید حەسەن

چاپی یەکەم 2001

بنکەی **خەرمانە**

کاترینەهۆڵم

**بڵاوکردنەوەی لە سەر ئینتەرنێت: کۆمەڵەی وەشانی کۆچەر**

www.dengekurd.com

**ناونیشانی پێوەندی گرتن:**

KOCER, P.O. BOX 150,
15141 Lahti - Finland
Tel: +358 503243230

ISBN: 91- 973944- 2- 4

* ناوی ئەم کتێبە لە ناونیشانی شیعرێکی ‹T. S. Eliot›ەوە وەرگیراوە.

# یەك دوو پەیڤ

کۆمیدیای ڕەش بە باڵی تەوس و لاقرتێ دەفڕێ ، بێ سڵکردنەوە ڕاستی دەڵێت، تیرێکە ڕووی لە سنگی جەللادە و دەستێکە تەوقە لەگەڵ دیکتاتۆردا ناکا.

فلان تێکست شیعرە یان نەء؟ وەڵام لای کێش و سەروا نییە، ئەم دەقانە با ناو بە ناو تەنانەت پشتیان بە ڕستە و وێنەی شیعریش بەستبێ، بەڵام دەستیان ناگاتە داوێنی بووکی باڵابەرزی شیعر.

ئەم ساتیرانە کە خوێنشیرینانە باس لە لایەنە تاڵەکانی ژیان دەکەن و گاڵتەئامێزانە کارەساتەکان بەسەر دەکەنەوە، خەو بەوەوە دەبینن لێوی خوێنەر بە زەردەخەنەیەکی تەوساوی بگەشێننەوە.

ئەم تێکستانە ئەگەرچی شیعر نین بەڵام گرنگترین ڕەگەزی شیعر کە ڕاستگۆییە، خوێنە و بە دەمارياندا دەگەڕێ، هەر بۆیە خوێنەری ئاسایی بە تامەزرۆییەوە و بە ئاشکرا لە ئامێزیان دەگرێ و هەڵبژاردەیش بە نهێنی دەم بە پلوسکیانەوە دەنێ.

ساتیر بە زمانێ کە لە نێوان زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی نووسیندا دێت و دەچێ، گاڵتەئامێزانە باس لە شتە هەرە جیدییەکان دەکات و بە کلیلی پێکەنین دەرگای مێشک دەکاتەوە، تا هۆش بچێتە ژوورەوە.

ساتیر بتی داب و نەریتی دێرین دەشکێنێ، ئابڕووی پارێزەرانی ڕەوشتی زاڵ دەڕووشێنێ و خوازیاری ئەوەیە ئینسان سەر بۆ فیکری سەروەر و واقیعی باو نەوی نەکا.

ساتیر پانتاییەکی بەرچاوی لە وڵاتی داهێنانی: سێرڤانتس، ڤۆڵتێر، بەرنارد شۆ، گۆگۆڵ، عەزیز نەسین و داریۆ فۆ داگیر کردووە.

بەرهەمەکانم بەم ناونیشانە داوا دەکرێن:

Hamasaeid Hassan
Vasa v. 20 B
641 32 Katrineholm
SWEDEN

tel  0046 (0)150 18988
mobile 073 9471632

## بەسەر تەرمی منداڵانی سەر سنووردا

ئاپۆ جەلال ئێوارەت باش
من لە ژماردندا کۆڵم،
توو گۆڕەکەی مامە یارە
ئەمە سەری چەندەم جارە
دەبیتەوە بە سەرەکجاش؟

ئەی سەرانی
بەرەی تەواو کوردستانی
یا ڕەببی بەخێر بێنەوە
بۆ ژێر دەوارەکەی بەعس،
بۆ بن هەنگڵی شێخ چۆپی،
بۆ ناو ڕیزی نیشتمانی.

بەسەر تەرمی منداڵانی سەر سنووردا
هەنگاو بنێن!
بەعس لە گیانەڵڵادایە
لە دەماریا ببن بە خوێن!
پەلەی تەرمەکانتان نەبێ
خۆ ناترشێن،
هەر سەددامی باوک و برا

خۆی ڕابگرێ
بڕوا بکەن ئەمجارەیان
سوپەر ئۆتۆنۆمی دەدرێ.

لاپەڕەیەکی نوێ دەکەینەوە
هەڵەبجە لە بیر خۆ دەبەینەوە،
با گەلیی بازێ
ئیدی لە دەمی کەسێ نەترازێ،
مەڵێن بەعس بوو قڕی خستە کورد
بە خوێنی منداڵ سنووری ڕەنگ کرد،
ئەگینا دڵی ناسکی سەددام
دێشێ و وتووێژ ناگاتە ئەنجام.

لەو دەمەیدا نێچیرەوان
شانی سەددامی ماچکرد و دانیشتەوە
مێشی خاڵی ڕووخساری مامی هەڵفڕی و
پەڵە ئاسا
بە تەوێڵییەوە نیشتەوە.

ڕەسووڵ تمەن
بە ‹سامی›ی خوای دۆلاری گوت:
ـ تۆ کۆنە هەڤاڵی خۆمی
با لە بەینی خۆماندا بێ

که کوردستان چۆڵ و هۆڵ بێ
کێ شادکەین بە ئۆتۆنۆمی!
ـ لە شادییەکەی گەڕێ هەڤاڵ
ئەی کێ بدەینە بەر گۆپاڵ؟

لە سەنتەری سلێمانی
نزیکی حەڵواخانەکە
پەیامنێرێکی بی بی سی
باوکی بافلی بینی بوو
لێی پرسی بوو:
ـ چۆن وا زوو باتان دایەوە؟
ـ ئەی نازانی
دۆستایەتیی دوای ئاژاوە
خۆشترێکە لە پاقلاوە!

1991. 04. 20

* شێخ چۆپی: جەعفەر بەرزنجەیی، پارێزگاری سلێمانی.

* ڕەسوول تمەن: ڕەسووڵ مەمەند.

* سامی ی خوای دۆلار: سامی عەبدولڕەحمان.

* باوکی بافل: مام جەلال.

# بوحرانی کەنداو

هەر کە لەشکرەکەی بۆش *
بیابانی ڕاخست و
هەتاوی کردە سەرپۆش
هێندەی پێ نەچوو جەلۆش، **
نەکوو دڵی
لە پەڕەی گوڵ ناسکتری
ئەمەریکای لێ بتۆرێ
خۆی گەیاندە سیناتۆرێ،
پێی گوت: قوربان
بەرەی بەرینی کوردستان
هێندەت زانی چنگ لەسەر شان
لەشکری بەعسی هەڵبڕی و
شاسواری عەرەبی گلان.
سیناتۆری دەم بە خەندە
گوتی: فام چاکە بۆ بەندە،
ئاخر کاکی ئەفەنی
ئێمە عەجەلەمانە
تۆش تەنیا هەر شارەزای
شەڕی درێژخایەنی!

1990. 08. 12

* جۆرج بوش. ** بارزانی بە مام جەلالی دەگوت: جەلۆ.

## بادانەوە

ئەمجارەشیان
نەتەوەییە ڕەسەنەکان
لە غەریبی
گردبوونەوە،
لە کارەساتی خەباتی
ڕابردوویان
وردبوونەوە،
لە سێ ڕۆژدا
لە چارەسەرێکی تازەی
گێرمە و کێشەی کورد بوونەوە.

لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا
قەڵەموەشێن
وای نووسی بوو:
‹جارانی زوو
گوند: ئاو، پێشمەرگە ماسی بوو،
بەڵام ئێستا
نەک هەر تەنیا دێ نەماوە
سەراپای دنیاش گۆڕاوە،
چەرخی هەرەسی گیڤارا و

سەرەک ماوە،
کۆنفرانس بڕیاری لەسەر
گرتنی ڕێگەی ڕووناکی
بەهەشتی وتووێژ داوە....›

کاتێ کۆنگرەی فراوان
دوایی پێ هات،
هەرچی داسی
سووری سەر کێلی مەزاری شەهیدانە
وەک نیشانەی پرسیان لێ هات،
چەکوشەکان
بوونە نیشانەی سەرسوڕمان.

1990. 06. 10

# له سەرەمەرگی پەنجەیەکدا

با مشاری کارەبایی
پەنجە تووتەی قرتاندبی،
با ژانی پەنجەی ناسکت
قیمەی دڵی برژاندبی
وەکوو کەباب،
له بەختی کەچی کوردانە
کادرێکی پایەبڵند
لە غەریبی
دەبێتە شاگردی قەساب
ئەبو شەهاب.

ئەی کێ ناڵێ
ئەو مشارەی
پەنجەی پیرۆزتانی قرتان
نەی ویستوە هێندەی یەک بن
ژمارەی پەنجەی دەستی تۆ،
ژمارەی خانەی دڵی من،
ژمارەی پارچەی کوردستان؟

بەڵام پەنجەی تۆ نامرێ،
ڕەگی بە خاکدا چووی پەنجەت
دەبێتە بێشەی داربەڕوو
بە هەزاران پەنجە دەگرێ
ئەوسا پەنجەت
لە بەردەمی هێرشی هێزی مشاردا
وەکوو کەتوو *
خۆی ڕادەگرێ.

1990. 04. 26

* شاخێکە لە شاربازێڕ.

# ئامۆژگاری

ـ مامە دەڕۆم
کەپووم هەراسانی کردووم،
ـ مامە دەڕۆم
دڵم پەرێشانی کردووم،
ـ مامە دەڕۆم
کۆماری ئیسلامیی ئێران
لە بەزمی شەوانی کردووم.

ـ ئێ لۆ ناڕۆن؟
خۆ ئەنگۆ لە هەندەرانیش
وەک ئەوسای خۆم
هەر لۆ کوردستان دەسووتێن
کز وەکی مۆم.
تاکەی وەک سەگی جڕتاوا
پاسی کونەماسی بکەین؟
وەختێتی نەختێ خەباتی
سەختی دیپلۆماسی بکەین.

1990. 02. 06

# خوری ڕیس خوری

دەڵێن شنەی دیموکراتی
عێراقیشی گرتۆتەوە،
دەڵێن سەرۆکی دلۆڤان
دەرگای ئامێزی بەزەیی کردۆتەوە،
هاکا گوتیان زێرە سەرۆک
خەڵاتی نۆبێڵی ئاشتیی بردۆتەوە!
دەڵێن لەسەر هێڵی سنوور
بازرگانانی ڕێگەی سوور
بۆ شار گرِدان
هەموو گوریان بەستۆتەوە،
ئای لەو کوڕەی
لەگەڵ یەکەمین فیکەدا
دەگاتەوە بەر مەنجەڵی هەریسەکە
زوو دەستی گیر دەکاتەوە
لە سەرێکی گوریسەکە،
ماڵم وێران
دیسانەوە بەرەو خوری
ملی نایەوە ڕیسەکە.

1990. 01. 14

# گەڕانەوە

سەرێکە و نایبەمە دواوە
ئەمجارەیان
هانام بۆ گڵکۆی پیرۆزی
حەمەدۆکی ئامە قورەیشی هێناوە،
ئەمجارەیان
دەستی ڕاستم عاگووڵێکە
لە داوێنی عەبای میری
بیری زێڕی ڕەش گیراوە،
ئەمجارەیان
بێ مافی چارەنووسی کورد
ناپێپێچمەوە
ئەو چادرەی
لە خاکی پاکی مەککەدا هەڵم داوە،
ئەمجارەیان
کە هاتمەوە
وەک هاتنەوەکەی خومەینی
بۆ پێشوازیم
لافاوی میللەت هەڵساوە،
سەرێکە و نایبەمە دواوە.

*

به بەکرەجۆ و سووورداش بڵێن
بە خەفیفە و بە جاش بڵێن
بە کۆمەڵە و بە ئاش بڵێن
با بەس بڵێن
ئاپۆ جەلال کەی دێتەوە،
خوا عەلیمە
بەندە هەر چی مەرجە نیمە
بۆ باوەشی گەرمی ڕژێم
خەریکە سوێم دەبێتەوە.

*

فەرهادی قوڵنگ وەشێنم
بە شیرینی کوردم بڵێن
واز ناهێنم،
ئەو تونێلەی
لە حیجازەوە لێم داوە
لە بەغداوە
سەر دەردێنم،
سەرێکە و نایبەمە دواوە.

1989. 05. 04

## ئارەزوو

حەزم لە شاڵی زاخۆیی و
لە کفتەی سابوونکەران و
لە ویسکیی سکۆتلاندییە،
حەزم لە برنجی کورت و
لە شەڕی درێژخایەن و
لە چاری مامناوەندییە.
حەزم لە یاریی ڕۆڵێت و
لە گەمەی مفاوەزات و
لە شەڕی براکوژییە،
حەزم لە گۆشتی بە تامی
مەڕی گێژ و
لە دەست لە ملانی ئافرەتی
باڵادرێژ و
لە ڕەوتی ڕوو لە لێژییە.
حەزم لە دەنگی بی بی سی و
لە پاسەوانێتیی دەرگای
سی ئای ئەی و
دۆستایەتیی کەی جی بی یە،
حەزم لە کادری دز و
لە سەرکردەی پاشەڵپیس و
لە دەرۆزەی غەریبییە.

1989. 12. 01

## دیسان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە

کام کەڵەشێرە هێلکەی کردووە؟
کام سەرۆکەی کورد
تەنیا یەک هەڵەی گچکەی کردووە؟
کە جار و بارێ
بە مارەکەدا دێینەوە خوارێ
تاوانی دەستی ڕەشی مێژووە.

گەلی کورد مێژوو ناخوێنێتەوە
بۆیە ناچارە دوو پات بێتەوە،
ئاشبەتاڵی دوو
ئاشبەتاڵی یەک بیر دێنێتەوە.

وا قارەمانە پۆپنەسیسەکان
دەگەڕێنەوە
بۆ کۆشی گەرمی جاشپۆلیسەکان،
مێژوو هەمان ڕاز دەگێڕێتەوە:
بۆرژوا گەرچی زوو زوو دەتۆرێ
بەڵام هەمیشە ئاشت دەبێتەوە.

گوێگرانی پەست:

هەمدیسان تەڵەی گەمەی دەوڵەتان
لاقی چەقەڵی لەڕی پارتیی بەست،
هەمدیسان پیلان قاقا پێکەنی
بە فازیل مەتنی و حەمیدە فەنی،
بەڵام کاک مەسعوود
بۆ شۆڕشێکی تازە و گوڵ بە دەم
دەست ناخاتەوە ناو دەستی عەجەم.

ئەی هەڵۆی سەقز
ئەی نەوەی سمکۆ:
مێژووی خەباتی خوێناوی گەلان
پڕە لە نسکۆ،
شۆڕشی ئێمەش ڕوو لە نشێوە
بەڵام بەرز بێ بالای ورەتان
دوای سەردانێکی کورتی هەندەران
دیسان دێمەوە
بە شۆڕشێکی زانستی و نوێوە.

ئەی هاوڕێیانی عەزیز و فەخری
دەروونم بەخوڕ بۆ ئێوەش دەگری،
دەزانم تووش بوون
بە دەست جامانە و سەمینۆفەوە،
ئارامتان هەبێ

ڕزگارتان دەبێ،
ڕیقنەی کۆتری ئاشتی نابینن
بە نێوچاوانی گۆرباچۆفەوە!
شەرمی پێ ناوێ جەماوەر گێلە
ڕابردووی تاڵی لە بیر نەماوە
بۆ بەرەیەکی بەرین و درێژ
کاتی هەنگاوە،
پێشنیار دەکەم
بەرنامەی لای کەم:
* یەک دوو وەزیری بەتاڵ و حەتاڵ،
* ڕۆژنامەیەکی ڕوو سووری ناخ زەرد،
* بارەگایەکی کۆنە کەلاوە،
خەباتی سووری چینایەتی چۆن
دەگاتە ئامانج
لە دۆڵی تەسک و لوتکەی چیاوە!

1988. 08. 24

* عەزیز: عەزیز محەمەد.

* فەخری: فەخری زەنگەنە.

# ساڵی سازش

ئاسمانی کابوول بە تەم گیراوە
کەچی شوورەوی
واز لە باڵاکەی نەجیب دەهێنێ،
جیهان قاپووتی فیتنەی پۆشیوە
کەچی خومەینی
شەمەندەفەری شەڕ دەوەستێنێ،
شازادەی یاخی نۆردۆم سیهانۆک
بۆ فەرمانی خوای واقعێکی تاڵ
دێتەوە سەر چۆک،
بۆ تۆڵەی خوێنی خەلیلی وەزیر
ئەبو عەممار دەست
دەکاتە ملی بلّندی شامیر،
بۆ مافی ڕەوای گەلی لەت لەتی
ڕوو لە واڵ ستریت بەجێی دەهێڵێ
مام جەلال دۆڵی چۆڵی جافەتی،
لیبیا دەبێتە برای گیانیی چاد،
کاسترۆ هاوڕێی خەباتی بۆتا،
بۆ بەشکردنی بەرهەمی ڕەنجی ستەمدیدەکان
کۆنگرەی لوتکە
چ لە مۆسکۆ بێ، یان هەر لە یاڵتا،

هیتلەر نەفام بوو
خۆی بەو دەردە برد
تەلاری ڕەش و کۆشکی کەرملان
ئاشتیخوازانە دنیایان بەشکرد.

ئەی هەژارانی سەراپای زەوی
هەمیشە ئێوە کەرەسەی شەڕن،
هەر بۆ مژینی خوێنی ئێوەشە
ئاشتی مۆر دەکرێ
کەی ڕادەپەڕن؟

1988. 08. 07

# ڕاز و گلەیی

پارتی گوتی:
چەندین ساڵە قەزوان دەخۆم
کەچی بە گوێزێکی هیندی
پێشم کەوتی!

حسک گوتی:
ئاخ یەکێتی
چۆن بۆ من بووی بە نەگبەتی،
لە مێژە ڕاپۆرت دەنێرم
چی هەیە فۆتۆکۆپیم کرد،
بەرد بێتە خوار
بە فایلی زەلام زەلام
لەمەشیاندا هەر بۆڕت دام.

سامی گوتی:
وەک ناهێڵی
چ پاشایەتیی گۆڕەپان
یا جاشایەتیی بۆ ئێران
بەر کەس کەوێ،
چاوت دەخۆم دە لێ گەڕێ

با لای بەریتانیای مەزن
ئێمە شتێکمان دەست کەوێ.

پاسۆک گوتی:
یەکێتی کە گوێ ناداتێ و
هەر جارەی بۆ دیوێ پردە،
بۆ ڕزگاریی کوردستان و
کوردەواری و گەلی کوردە.

حشع گوتی:
ئەی هاوتەمەنی گۆرباچۆف
برایمان
گەورەترە لە پشت ئاشان،
خەیاڵ نەکەی ئیتر هەرگیز
بۆ چرنووکی تۆ ناڵێم ئۆف،
من خۆم حیزبێکی ماسۆشیم
تینووی دار و شەق و قامچیم،
برای گیانیم
گەر قایل بی
ئەوەندە کوژراوی بەرەم
کوردستانیم.

ئەرتەش، پاسدار

جاش و بەسیج
بە گەرووی پڕ گریانەوە
بە ئەو پەڕی ویژدانەوە
هەموو گوتیان:
بەڕێز هەڵۆی سووری برام
بۆ داکۆکی
لە ئایینی پاکی ئیسلام
تۆ بووی بە سوار
من پیادە مام.

1988. 05. 01

## وای بۆ دەچم

ئەمشەو لە ڕێی تی ڤی یەوە
برایانی گۆرباچۆف و ڕیگانم دی
سەرقاڵی باسی ئاشتی بوون
لە جیهاندا،
پاشان نەجوا و سوهێرم دی
سەرگەرمی خۆنواندن بوون
لە سنگ و کەفەڵ باداندا،
وای بۆ دەچم نەجوا فوئاد
چەند لە سوهێر بەنازترە،
گۆرباچۆفیش هەر ئەوەندە
لە ڕیگان ئاشتیخوازترە.

1987. 12. 21

* سوهێر: سوهێر زەکی.

# ئاشتبوونەوەی گشتی

دە دوازدە مانگێ پێش ئێستا
لە بەرگەڵوو
شاعیرێکی بە ناز پەروەردە
دەیفەرموو:
گەر هەڤالانی یەکێتی نیشتمانی
وەک بنەماڵەی بارزانی
بۆ خومەینی بێنە سەر چۆک
بە ڕوویاندا هەڵدەشاخێم
وەک نارنجۆک،
وایان دەشۆم
مەگەر هەر خۆم بزانم خۆم،
بە شیعرێکی تووڕەی درێژ
دەیانکەم بە پەڕۆی بێنوێژ.
ڕۆژ هات و ڕۆی
مام جەلال خۆی
وەک پەشتەماڵ
ئالا لە قەدی خومەینی،
کاکە نەوە
شەقی هەڵدا لە ئاوی تاڵ

خووی دایە بیری زەمزەم و نوێژی هەینی،
کاک فەرەیدوون
مامۆستای کوردستانی بوون،
قارەمانی خەباتی زیندان و شەقام
ئێستا عەمامە بەسەر و
عەبا بە شانە وەک ئیمام،
بە زەبری شەقی زەمانە
تیپی کارزان
یەکەم دوژمنی کەمانە،
بەڵام چونکە ئەو شاعیرە هەژارە
هەواری چۆڵی گیرفانی
شەیدای خێڵی دۆلارە،
بەڵام چونکە ئەو شاعیرە بەدمەستە
دڵنیایە
بەزمی شەوانی ڕۆژئاوا
پارەی مۆڵی پێویستە،
بۆیە ئێستا فرزەی نایە
ئێ چ قەیدی
خۆ بێدەنگیش هەڵوێستە،
شاعیر لەگەڵ ئاشتبوونەوەی گشتیدایە!

1987

# شیعر

‹ئەگەر شیعر
وەکوو ئاگر
بەرنەبێتە مۆڵگەی دوژمن
چادر چادر،›*
ئەگەر شیعر
نەبێتە فیشەکی چەکی قادر قادر،
ئەگەر شیعر
نەبێتە جانتا بۆ دەستی هەموو حیزب
کادر کادر،
ئەگەر شیعر
لە مەتارەی سەرکردەدا
نەبێتە شەربەتی نادر،
ئەگەر شیعر
نەبێتە خەرمانی دۆلار
بۆ هات و چۆی
سکرتێری پشوودرێژ و خۆڕاگر،
چاکتر وایە لە دۆزەخدا بسووتێنرێ
وەکوو کافر.

1986. 10. 23

* سەعدوڵڵا پەرۆش.

# پەشیمانی

دە دوازدە ساڵێ پێش ئێستا
لە شاری بابەگوڕگوڕدا ،
لە هۆڵێکی گەورە و پڕدا
شاعیرێ نەڕەی لێ هەستا ،
گوتی یاران
تینووی گڕی ئەو پشکۆیەم
کە مامە یارەی قارەمان
نێرگەلەکەی پێ داگیرسان،
دوژمنی ئەو بەکرەجۆیەم
کە تەنیا هەر لەوێوە بوو
باری خەم بۆ سلێمانی
بە ڕێوە بوو،
کەچی ئێستا هەمان شاعیر
هەمان تینووی گڕی ئاگر،
هەمان دوژمنی بەکرەجۆ
کە دێتە گۆ
چونکە گیرفانی بەتاڵی
چاوەڕوانی دینار دەکا
پڕ بە گەرووی هاوار دەکا

بۆینباخی گەردنی ئەو قەلەموونەم
جەمال ئاغا
تەواوی ناکا بە یەک ژەم،
ئەسپی ژێر ئەو فەرەیدوونەم
لە زینداندا
برای گیانی بە گیانی بوو
لەگەڵ سیخوڕ و سەججاندا،
قەڵەمی ئەو نەوشیروانەم
لە قەندیلا
تۆماری کرد
داستانی سەبرا و شاتیلا،
چەکی شانی
ئەو شەوکەتە قارەمانەم
دەستە و یەخە
لە شەڕدا بوو
لەگەڵ دیلا،
تەوری دەستی
ئەو هاوڕێ جەبار فەرمانەم
بە بیری ورد
تەوروەشێنەکەی بەغدای
شەرمەزار کرد،
زمانحاڵی میوانەکەی شیراتۆنم
پەشیمانم لە دیوانی شیعری کۆنم،

من دڵنیام
لە یاد ناچێ یەکەم ئەوین
هەر بۆیەش مام
گەڕایەوە
بۆ ئامێزی دۆستی دێرین.

1984

# ئامانج

تاکوو مردن
هەر پاسۆکم
وەکوو خواردن،
ئامانجی من:
* قوبڵی برنج،
* بە ڕۆنی زەنگ،
* لەگەڵ مێقەلێکی گۆشتن.

1983. 06. 21

# حەسرەت و هیوا

ئەم کوردە چەندە کەم فرسەتە
ملی ڕێی هەندەران دەگرێت و
قۆناغی ناسکۆڵە و قازانجی نیشتمان
لەبەر چاو ناگرێ،
من لە جێی ڕژێمی هەرێمی کوردستان بوومایە
‹ـ گەل ـ ێکی چاکترم هەڵدەبژارد،›*
شەقێکی قایمم هەڵدەدا
لەم نیمچە میللەتە.

*

بریا یەک دوو
تەختەی عەقڵم کەمی دەکرد،
بێ گومانم ئەوسا وەکوو
سەرەکوەزیرانی پێشوو
ژینێکی خۆش و هێمنم
بەسەر دەبرد.

1998. 02. 10

* برێخت.

# کارەسات

لەوساوە یەکێتی جوێنبەستی جارِ داوە،
لەوساوە وازی لە هێرشی جرِتان و
هەڵمەتی درۆیان هێناوە،
گڵۆپی گفتوگۆی سووتاوە،
دەنووکی قەڵەمی شکاوە،
گوڵاڵەی ڕووخساری ژاکاوە،
ئەی ئاخر یەکێتی ماسییە،
جوێن ئاوە،
یەکێتی ماری سرِ،
شیرلێدان هەتاوە،
یەکێتی نابینا،
دەلەسە دوو چاوی ‹لەوانەی کیژەکەی یەمامە›
شین باوە.

1998. 01. 19

شیرِ: جرِت.

# چیرۆکی مێش

دیسانەوە دەستی ئاشتی
بۆ ڕێبەری ناپاک درێژ دەکاتەوە،
بەرقی هەولێر دەداتەوە،
دیسان خەڵاتی زێڕینی کوردایەتی دەباتەوە.
دیسانەوە بێ قەید و شەرت
ئیمزا لەسەر نامەی سپی جێ دەهێڵێ،
دیسانەوە ئەو سیزیفە بەستەزمانە،
تاوێرێکی لەسەر شانە
‹ئاو دەکێڵێ.›*
دیسانەوە ئەو سەرکردە ڕەوتار مشکە
دەڵێ پێ دال کاف سەرپشکە.
دیسانەوە وەک سواڵکەر دەپاڕێتەوە،
دەڕوا و دەڵێ
فیفتی فیفتی کەی دێتەوە؟
دەڵێ کوا چەقۆ، ها ملم،
بە هەرچی دەڵێن قایلم
کەچی ڕەفزی بۆ دێتەوە.

1998. 01. 15

* سەمیح ئەلقاسم.

## سەنگەرێکی نوێ

دەڵێن پێشەوای
خەباتی سەخت و بەربەرەکانی،
خوای پارتیزانی،
ئاڵاهەڵگری شەڕی توولانی،
چەکی داناوە،
یەک شەکرەژنی
قەیرەی کردۆتە
قەڵاندۆشکانی،
نای گۆڕێتەوە
بە گەنجی خابوور،
بە قەڵای هەولێر،
بە نەوتی زەمبوور،
بە سولەیمانی.

1997. 11. 24

## چەند لاپەڕەیەك
## لە دەفتەری بەریاخەڵی بیرەوەرییەکانم

دیموکرات برایە هی گیانی بە گیانی،
وەک منداڵ پاکژە،
وەک سۆفی نوورانی،
بەڵام گەر قازانجی باڵای گەل بخوازێ
دەیکەمە بەرانی قوربانی.

ئیسلامی تاریکی دەچێنێ
دوژمنی ژنان و هونەرە،
بەڵام گەر پاسداران
پردێکی یارمەتی هەڵبەستن،
مامۆستا عوسمانی ڕووناکبیر
ڕێبەرە.

پێ دال کاف خێڵێکە چاوساغی بێگانە،
نەیاری سەروەختی تەنگانە،
بەڵام گەر گەنجینەی خابوورم
لەگەڵدا بەش بکا وەک برا
حیزبێکە بۆ ماڵی نیشتمان چلچرا.

ئۆجالان گیڤارای دووهەمە،
مەسیحی سەردەمە،
سێبەری خودایە،
بەڵام گەر کوڕانی لێهاتووی تۆرانی
متمانەم پێ بکەن،
سەرۆکی مافیایە.

لەگەڵ شام پێوەندیم دێرینە،
لە مێژە گوتوومە
کوردستان سێ پارچەی ڕەنگینە،
بەڵام گەر دەروازەی بەزەیی پێوەدا،
باشووری بچکۆلە
بەشێکی گرنگی وڵاتی شیرینە.

تکریتی بای مەرگ و
ئەنفالی گەرمیان و
کۆڕەوی ژیان و
هەوێنی ستەمە،
بەڵام گەر لێ گەڕێ هەمدیسان ڕایمووسم
گاندییە، ئاڵتوونە، حەکەمە.

1997. 11. 03

# شنەی تۆڵە

ئەوە لۆرکایە
یا شاعیرۆکەی بارِ و دیوەخان؟
تفەنگی شیعر دەکاتە شانی
چەتە و پیاوکوژان!

ئەوە کاغەزی کەپوو سڕینە
یا پەڕەی مێژوو؟
دەبێژێ: ئاغای سورچی گەلپارێز،
بارزانی جاش بوو!

ئەوە ئێوە بۆ ڕووتان کردە شاخ،
چەکتان کردە شان؟
لەبەر داهاتی ئیبراهیم خەلیل؟
یان بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان؟

لەو شەڕە پۆخڵەی
نێوانی ئەو جەردە و دزانە،
هەر لایە سەرکەوێ
تەوێڵی هەژاران دەکاتە نیشانە.

1997. 10. 19

## چوار بانگەواز

بەر لەوەی لە ماڵ بچنە دەر
دەستنوێژ بگرن!
سەرو شایەتمان بهێنن!
نەکوو لە ڕێی
باڵا ڕاگرتنی ناوی خوای مەزندا
تەقینەوەیە ڕوو بدا و
دنیای فانی جێ بهێڵن.

مەلا عەلی

قەت نەکەی بڵێی:
منیش یەکێکم
لە خەڵکی لات و چەوساوەی میللەت،
ئەگەر نا پەڕ و باڵت با دەیبا
بە زەبری شەقی مزری عەشیرەت.

عومەر ئاغای سورچی

لایەنێکی خێر نەدیوین،
دوژمن چوار دەوری تەنیوین،
ئەو بستە خاکەی بن دەستمان
تەنگە بۆ فرەپاوانی،

یەکێتیی ڕیزەکانی گەل بپارێزن!
وەرنەوە بۆ ژێر چادرە بەرینەکەی
یەکێتییە مۆدێرنەکەی نیشتمانی!

جەلال تاڵەبانی

بۆ ئەوەی نان و دۆ بڕاو نەبن،
بە بەرۆکتاندا نیگاری نێچیر،
بە دەرگای ماڵدا پۆستەری بابم،
لە ژووری دڵتان وێنەیەکی من
بڵند هەڵواسن!

مەسعوود بارزانی

1997. 08. 05

# هێڵی سوور

مامە شیرە دارینەکەت دەربهێنە،
تاکوو فریای لێ بوردنی
- نێچیرەوان - یش نەکەوتووی
بیوەشێنە!

بەهارێکیان پاسدار هاتە هەڵەبجەوە،
کیمیاباران بوو، ئەنفال بوو،
هاوینێ هاتە کۆیەوە،
تێکشکانی مام جەلال بوو،
سی ساڵە مام، یادی بە خێر
گا ڕۆڵی دوژمن گا ڕۆڵی
دۆستی هەمان بەعسی دیوە،
کەچی هێشتا نەی ناسیوە.

وەکوو چەمی چەقان چۆن بێ چەقەڵ نابێ،
لێفەدروو چۆن بێ دەرزی و تەقەڵ نابێ،
بیابان چۆن بێ لم نابێ،
مام جەلالیش بێ گلان و سەرسم نابێ.

‹منی دژی پارچەگەری،
منی تامەزرۆی خەباتی سەرانسەری،
کوردستانیبوون هانیدام،
من نەگلام،
منیش وەکوو گیڤارام کرد،
پارچەیەکی ئەم وڵاتەم
لە گەرووی نەهەنگ دەرهێنا و
بۆ بەشێکی تری ڕامکرد.

ساڵانی زوو
من سوارچاکی جاشبەتاڵ و
بارزانی هی ئاشبەتاڵ بوو،
ئەی گەلی کورد
وا بۆ مێژوو
ئاشبەتاڵیشم تۆمار کرد.

لە هەر کوێیە گۆم هەبوو بێ
من تۆڕێکم لەوێ بووە،
بەڵام هێشتا،
سوورەماسیی ئومێدم ڕاو نەکردووە،
هەر بارگیرێ بلیتم لەسەر بڕیبێ
دەرنەچووە.
ساڵانێکی دوور و درێژ

هێڵی سوورم نەدەناسی،
مامۆستای براکوژی بووم،
خوای وتووێژ،
جاشایەتی خۆم دەمزانی،
سەد حەیف و هەزار مەخابن
ئەو مافوورەشیان لە ژێر پێم
ڕاکێشا نەوەی بارزانی.›

1996. 09. 15

# تەور

دەزانی موتەننەبی
شیعری بۆ کێ دەنووسی؟
سەیفی دەولەی حەمدانی.
مایکۆفسکی بۆ لینین،
کامەران بۆ گیڤارا،
مام هەژار بۆ بارزانی.
منیش ویستم هەڵبەستێ
بۆ خاوەن شکۆ هاورێ
جەبار فەرمان بنووسم،
تەوری خوێناوی و تەرمی
لەت لەت کراوی وریا
گەڕانەوە بەر چاوم،
پێنووسم خوڕخوڕ گریا،
خوڕ خوڕ گریا پێنووسم.

1996. 12. 24

# شێرەڕێوی

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری
دڵکرمێ، بەدگومان،
بەرامبەر داگیرکەر
خاترجەم ،
دڵنیان.

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری
کێوی سەخت،
بەرامبەر داگیرکەر
ڕێگەی تەخت.

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری
شەختەی ڕق ئەستوورن،
بەرامبەر داگیرکەر
سنگ هەراو،
دەروون وەک بلوورن.

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری
بە گوللە دەپەیڤن،
بەرامبەر داگیرکەر
وەکوو بی دەلەرزن.

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری
ڕەشمارن،
دووپشکن،
بەرامبەر داگیرکەر
قالۆنچەن،
سیسرکن.

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری
دەنگدلێر دەخوێنن
کەو ئاسا بە لوتکەی چیاوە،
بەرامبەر داگیرکەر
ئاوەڕۆی گەروویان گیراوە.

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری

پڵنگی جەنگەڵن،
بەرامبەر داگیرکەر
مەیموونی ناو باخی ئاژەڵن.

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری
سەنگینن،
بەرامبەر داگیرکەر
چڵکاوی دوای سیپاڵ شۆرینن.

سەرانی کوردستان
شێری ماڵ،
ڕێویی دەر،
تاژیلەی شکاری داگیرکەر.

1996. 10. 20

# بە دوای شێخی گەورەدا

لە بیرم دێ سولەیمانی قەڵەمڕەوی نەوشیروان بوو
گۆڕەپانی تەراتێنی سیا و میت و پاسداران بوو

لەبەر تابووری ئاڕ ئاڕ ڕێ نەبوو بۆ دیتنی سالار
ژمارەی شڕەخۆری خورت ئەوەندەی گەلاَی داران بوو

درێغ بۆ ئەو بەهەشتە ونبووە، ئەو عەسرە زێڕینە
کە مەئوای مام تاڵەبانی لە قەلاَی سەختی چوالان بوو

بە زەبری هەڵمەتی هەولێری داگیرکرد و تێی بەر بوو
ناپلیۆنی زەمان ڕاستت دەوێ جەبباری فەرمان بوو

عەزیزم عیززەدین ئینکاری عیززت ناکرێ ئەمما
شاعیری هەردوو ئاشبەتاڵ کوردی ساغی هەندەران بوو

مەزاری پڕ دیناری ئالی کۆسرەت نوقمی دۆلار بێ
حەییف ئەو هێزە نازدارە وەکوو بەفری حوزەیران بوو

کە فایەق ڕەش چەتەی شاهۆی وەکوو پۆڕی خوراو لێ کرد
سەعی ئەو کاتە دەیشیعراند قەڵەم شمشێری مەیدان بوو.

1996. 10. 08

# شمشاڵ و بلوێر

کێ دەیزانی
کاک مەسعوود ئەو یاریچییە لێزانە بێ،
کێ دەیتوانی
گۆڵێکی وا لە مام بکا
ئەوەندە کەپووشکێن و هینانە بێ؟

*

ئەوە بۆچی
لەو هەموو حیزبە نازدارە
یەکێکیان نەهاتە وەڵام؟
ئەوە بۆچی
هەر چی کاری سەختە دەبێ
لە ئەستۆی کاکە بێ یا مام؟
ئەوە بۆچی
هیچیان نامەیەکیان نەنارد
بۆ شێری شام؟
کێ دەڵێ ئەو
نامانپارێزێ لە سوپای
عەجەم و تورک و جەلال و
کاکە و سەددام؟

*

بارزانی وەجاخی کوێرە،
تا ئەو ما بوو
پێمیم نموونەی باڵا بوو،
ئێستا جیاوازی نێوانی پێ میم و جاش
وەک جیاوازی نێوان شمشاڵ و بلوێرە،
بارزانی وەجاخی کوێرە.

*

ئێوە هەوری
ڕەشی گومانتان لە دەوری
خۆری ئەو ڕاستییە لا برد،
کە ئێمەی کورد
تاقە نەتەوەی جیهانین
لێمان نایە
جڵەوگری هێستری کاری خۆمان بین،
سوپاس ماکە*
هەر بە گەردن کەچی بژین.

1996. 09. 05

* ماکە: مامە + کاکە.

# پێشنیار

بۆ: نەوشیروان مستەفا

سالانێ بوو
خاوەنی دوو خووی دزێو بووم:
بادەنۆشی و سیگارکێشان،
ئێستا هێندەی زەوی و ئاسمان،
دوورم لێیان.
سالانێکە
خاوەنی دوو خووی پۆخڵی:
شەڕەجوێن و براکوژی،
دەبێژم ‹پیر بووی تۆبەکە،›*
با بەو جووتە پەڵەیەوە
نەچیتە بەر قاپیی خوای خۆت،
با دوارۆژت ڕەشتر نەبێ،
لە هی پۆڵ پۆت.

1996. 09. 18

* عەلی مەردان.

**بۆ هەموو مەڵبەندەکان**

هەڤاڵانی مۆدێرنی سۆشیال دیمۆکرات
دەزانن یەکێتی بۆچی
سوپای پاسدار،
هەتا زێدی
 سکرتێری گشتیش دەبات؟
ئاخر ئەگەر ئێرانی ئیسلامی هاوسێ
ڕقی هەڵسێ،
دەرگای زێڕینی سنوورمان لێ دادەخات.

*

ئەی هەڤاڵان
دەزانن کێ
پێ میمە، بازە، هەڵۆیە؟
ئەوی بەرەو بارەگای حیزبی دیموکرات
دەبێتە چاوساغی پاسدار
لە باشماخەوە تا کۆیە،
ئەوی ناترسێ لە وشەی دزێوی جاش،
ئەوی کوردستانی بوون وەک
جووتێ کڵاش
لەپێ دەکات.

*

ئەی هەڤاڵان
دەزانن بە چی گرەوم بردۆتەوە؟
بەچی تۆڵەی جاشبەتاڵی
هەمەدان و بەکرەجۆشم کردۆتەوە؟
ڕژێمێکی داگیرکەری ئەم کوردستانە نەماوە
جاشێتیم بۆ نەکردبێ،
حیزبێکی کوردی نەماوە
هێرشم بۆ نەبردبێ.

*

هەڤاڵانی ئازا و چالاک
گوێ لەو گەوجانە ڕامەگرن
پێمان دەڵێن جاش و ناپاک،
سبەی لە قودسی کوردستان
پێکی شادی دەخۆینەوە،
پەڵەی شەرمی ئەم نسکۆیە
بە ئازادکردنی کەرکووک
دەشۆینەوە.

1996. 07. 30

# جیاوازی

جیاوازی نێوانی
بەرتیلە هەڵبەست و
هەڵوێستە هۆنراوە
دەزانی؟
ئەمیان لە بۆڵەی ورچ،
لە قیڕەی بۆق دەچێ،
ئەویشیان لەهاژەی ڕووبار و
کۆڕژنی ئەسپەشێ.

*

جیاوازی نێوانی
ئەوروپا و کوردستان
دەزانی ؟
لێرانە بواری ـ ئازاد ـ ی
بیروڕا دەربڕین
نە یەکە، نە دووە،
نە شەشە، نە حەوتە،
لای خۆمان
بە تەنیا دیواری ئاودەستی مزگەوتە.

*

جیاوازی نێوانی
کەڵەگای ئیسپانی و
سەرکردەی یەکێتی دەزانی؟
ئەمیان بە بینینی پەڕۆی سوور هەڵدەچێ،
ئەویان بە بیستنی بارزانی.

*

جیاوازی نێوانی
ئاودیوچی و کادری یەکێتی
دەزانی؟
ئەم هەرچی سامانی گرنگی هەرێمی سۆرانە
دەیکا بە ئێراندا،
ئەو هەرچی پاسداری چالاکی ئێرانە،
دەیکا بە سۆراندا.

*

هەموومان جیاوازی سەرەکی نێوانی
یەکێتی و پێ دال کاف دەزانین،
لەمیاندا ژمارەی دز هێندەی
ئەستێرەی ئاسمانە،
لەویاندا دز تەنیا هەر نەوەی بارزانین.

1996. 08. 16

# کوڕی ڕۆژ

میللەتێکی بێ وڵات و بێ دیرۆکم،
ئەدەبێکی بێ هەڵبەست و بێ چیرۆکم.
ئاگرێکم لە ئاودا نەبێ هەڵناکەم،
ماسیم لە شەققەی باڵ دەدەم.
فریشتەیەکی پۆخڵ و
موسڵمانێکی کافرم،
بەعسییەکی ناسکدڵ و
هەواڵدزێکی شاعیرم.
سەرکردەیەکی بێ لەشکر،
پەیامبەرێکی بێ نامەم،
پێشمەرگەیەکی بێ باوەڕ،
پارتییەکی بێ بەرنامەم.
من گۆشتخۆرێکی ڕووەکیم،
ڕادیکالێکی خێڵەکیم،
ڕۆشنبیرێکی بێسەواد،
قارەمانێکی بوودەڵەم،
ترسنۆکیکی جەربەزە،
وڕ و گێژێکی زیتەڵەم.
دەوڵەمەندێکی نابووتم،
پۆشتەیەکی ڕووت و قووتم.

خۆفرۆشێکی شۆڕشگێڕ،
ناپاکێکی گەلپارێزم،
پەپوولەیەکی گوناهبار،
پاڵەوانێکی بێ هێزم.
تالانچییەکی دەستخاوێن،
هەوەسبازێکی پاکداوێن،
زیندانییەکی ئازادم،
پیسکەیەکی دڵگوشادم.
من هاوزەمان هەم و نیشم،
جەللادم و قوربانیشم،
جوولەکەیەکی عەلەوی،
قەشەیەکی کەربەلاییم،
سەوزێکی تۆخی زەردباوم،
جەلالییەکی مەلاییم.

1996. 04. 05

# ترس و گلەیی

حەزم لێتە
هێندەی جووتیار
شەیدای گۆشتی مەڕی گێژە،
هێندەی یەکێتی عاشقی وتووێژە.

*

لە سەر هەموو قوتەیەکی
نیشتمانی دەروونی من
جێ پێت هەیە،
لیوای بەدری،
لای من  وەک ئاوی زەمزەمی،
بەردی سیای،
تیشکی خودای،
شەوی قەدری.

*

بۆ هەموو وڵاتەکانی جیهانی دڵ
فیزەت پێیە،
سەفیرێکی فەوقەلعادەی،
ڕوو لە هەر ماڵێکی شاری بوونم بکەی
مزگەوت و حوسەینییەتە،
حەکیمزادەی.

*

نارەزایی دەرنابڕم
چیم هەیە بیبە بە تالان،
تۆ لەشکری شڕەخۆری یەکێتی بە،
منیش دام ودەزگای گولان.

*

ئیدی بۆچی
مام چەند ڕقی لە کاکەیە،
سەددام چەند قینی لە بوش بوو،
سەد ئەوەندەم دەبوغزێنی؟
ئاخ نازانی،
لای من هێندە هێژای هەموو
خاڵی گوومرگەکان دێنی.

*

هەموو خانەیەکی لەشت
ئەوەندەی خاڵی گوومرگێ
گرنگە لام،
قوربانی یەک زەردەخەنەت
دەرزەنێ بوش،
دەیان سەددام،
سەدان کاکە،
هەزاران مام.

*

وەک یەکێتی

چۆن لە ئیبراهیم خەلیلدا
شاد نابێ بە فیفتی فیفتی،
دەترسم منیش پێت نەگەم
دڵدارە گوومرگینەکەم.

1995. 02. 12

## قوربانی

کوڕینە مژدە

نوێنەری سەرۆک ڕەفسەنجانی هات

لەبەر پێیدا سەر

بڕن لە بری

بزن ئەندامی

حیزبی دیموکرات.

1996. 02. 02

# بۆ یەکتری ناسین

ناو: سالار، نازناو: داڵی باڵ شکاو،
نیشانە: یەک لای سمێڵ تاشراو،
پیشە: شوڤێری شۆڤڵی شۆڕش،
بۆ ڕووخاندنی خانووی لێقەوماو.
ئارەزوو: تیرۆرکردنی شاعیر،
کۆکردنەوەی خەرمانی دراو.
لایەنی بەهێز: بەخشینەوەی شەق،
جنێوی پاراو.
ئەدرەس: کوردستان،
شاری بێ یاسا،
گەڕەکی زەلکاو.

1994. 11. 01

## لە سالارەوە

لەو دە هەزارەی قەززافی
دوای سەفەرەکەی سوێدم
مایەوە هەزاری سافی،
مەسرەفە گرانەکەی شام
ئەویشی لە دەست دەرهێنام،
ئیدی بۆڵە بۆڵی چیتە حەمە ئاوات؟
دانێکت گەزێ درێژ بێ
دۆلارێکت بە دەست ناگات.
تۆش بڕۆ نەخشی خۆت بێنە
ئەگەر من نەمگوت: عەوافی،
هەقتە لێم ببی بە شاعیر،
هەجووم بکەی،
وەکوو من مەلیک فەیسەڵ بم
تۆش ڕەسافی!

1988. 02. 22

# نوشتانەوە

دیسان مامە بایدایەوە،
دەستی بەردا
لە تاکتیکی ماچ و مووچ و
لە بەردەمی مادەلیندا*
وا بە جوانی نوشتایەوە،
لوتکەی لووتی
لە بناری گیپاڵیدا
گیرسایەوە.

1998. 09. 19

* مادەلین ئۆڵبرایت.

## پێرست


| | |
|---|---|
| بەسەر تەرمی منداڵانی سەر سنووردا | ٥ |
| بوحــرانی کــەنداو | ٨ |
| بادانەوە | ٩ |
| لە سەرەمەرگی پەنجەیەکدا | ١١ |
| ئامۆژگاری | ١٣ |
| خوری ڕیس خوری | ١٤ |
| گەڕانەوە | ١٥ |
| ئــارەزوو | ١٧ |
| دیسان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە | ١٨ |
| ساڵی سازش | ٢١ |
| ڕاز و گلـەیی | ٢٣ |
| وای بۆ دەچم | ٢٦ |
| ئاشتبوونەوەی گشتی | ٢٧ |
| شیعر | ٢٩ |
| پەشیمانی | ٣٠ |
| ئامانج | ٣٣ |
| حەسرەت و هیوا | ٣٤ |
| کارەسات | ٣٥ |
| چیرۆکی مێش | ٣٦ |
| سەنگەرێکی نوێ | ٣٧ |

چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم ٣٨
شنـەی تۆڵـە ٤٠
چوار بانگەواز ٤١
هێڵـی سـوور ٤٣
تـەور ٤٦
شێرەڕێوی ٤٧
بە دوای شێخـی گەورەدا ٥٠
شـمشـاڵ و بلوێر ٥١
پێشنیار ٥٣
بۆ هـەموو مەڵـبەندەکان ٥٤
جیاوازی ٥٦
کـوڕی ڕۆژ ٥٨
ترس و گلـەیـی ٦٠
قوربانـی ٦٣
بۆ یەکتـری ناسین ٦٤
لــە ســـــــــــــالارەوە ٦٥
نـوشــتـــانـەوە ٦٦

بەرهەمەکانم بەم ناونیشانە داوا دەکرێن:

Hamasaeid Hassan

Vasa v. 20 B

641 32 Katrineholm

SWEDEN

## بەرهەمی چاپکراوی نووسەر

**کۆمەڵە شیعر**

تاڤگە و بنار ١٩٧٨

سەمای گوڵاڵەسوورە ١٩٨٧

هەڵەبجە غەززەی خەمناکە ١٩٨٨

لە سایەی چەقۆدا ١٩٩٠

پەپوولە پاییزە ١٩٩٣

هاژە ١٩٩٦

نووسین بەبێ وشە ١٩٩٩

**ساتیر**

بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور ١٩٩١

دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم ١٩٩٨

هونەری ڕاوەژن ٢٠٠٠

**ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ١٩٧٩

ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٢

سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی ١٩٩٢

شیعر و هەڵوێست ١٩٩٤

یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ١٩٩٤

گۆرانییە باڵنەکراوەکان ١٩٩٤

شیعر و تەور ١٩٩٨

زەردەخەنەی هەنسک ٢٠٠٠

نامەیەک لە هەولێرەوە ٢٠٠٠

**وەرگێڕان لە سوێدییەوە**

کورتەی مێژووی سوێد ١٩٩١

کورتەی جوگرافیای سوێد ١٩٩٢

چاوشارکێ ‹چیرۆکی منداڵان› ١٩٩٣

# بۆ پیاوە پووتەکان

حەمەسەعید حەسەن

ئەی هەژارانی سەراپای زەوی
هەمیشە ئێوە کەرەسەی شەڕن،
هەر بۆ مژینی خوێنی ئێوەشە
ئاشتی مۆر دەکرێ
کەی ڕادەپەڕن؟

*

لەو شەڕە پۆخڵەی
نێوانی ئەو جەردە و دزانە،
هەر لایە سەرکەوێ
تەوێڵی هەژاران دەکاتە نیشانە.

# Till de ihåliga männen

Satir

Hamasaeid Hassan

Katrineholm

2001

ISBN: 91- 973944- 2- 4

بۆ پیاوە پووتەکان                                        حەمەسەعید حەسەن